کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

THE IRANIAN KURDISH WRITERS ASSOCIATION

DEN IRANSKKURDISKE FORFATTER FORENINGEN

کانوونی نووسەرانی کوردستانی ئێران

# بەیاننامە

هاونیشتمانانی خۆشەویست!
نووسەران و رووناکبیرانی کوردستان!
بەڕێز ئەنجومەنی جیهانی قەڵەم!
ناوەندە مافخواز و مرۆڤدۆستەکان!

بە پێی هەواڵێک کە لەم دوایی‌یانەدا بڵاو بوویەوە رادەگەیەنین کە بەڕێز عەدنان حەسەنپوور رۆژنامەوان و چالاکی فەرهەنگی و ئەندامی کانوونی نووسەرانی کوردستانی ئێران،رۆژی 5ی رێبەندانی 2706ی کوردی بە بێ هیچ هۆیەکی یاسایی لە لایەن هێزە ئەمنییەتی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەست بەسەر کراوەو بۆ شوێنێکی نادیار گواستراوەتەوە.
ئەمە لە حاڵێکدایە کە سەرکوتکەرانی ئازادی رادەربڕین و زانیاری دەستیان بە سەر کەل و پەلی ماڵی ناوبراودا گرتوەو کۆمەڵێک ئامراز وەک کۆمپیۆتەر و نووسینیەکانیان لەگەڵ خۆ بردوە. ئەو کردەوە نامرۆڤانەیە نەتەنیا نیشانەی ماهییەتی سەرکوتکەرانەی رژێمی ئێرانە بەڵکوو سەرەتایەکە بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی ئێجگار مەترسیدار کە پلان بۆ داڕێژراوەو نە تەنیا عەدنان حەسەنپوور بەڵکوو هەموو چالاکانی فەرهەنگی و تێکۆشەرانی بواری ئازادی رادەربڕین و مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران‌دا دەگرێتەوە.
هەر بۆیە کانوونی نووسەرانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی ئەو کردەوە دژە ئینسانی‌یە داوا لە هەموو رێکخراوە چالاکەکانی بواری ئازادی رادەربڕین و مافەکانی مرۆڤ دەکا بە توندی بە گژ ئەو کردەوەیەدا بچنەوەو بە گوشار خستنە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو مەترسی‌یە گەورەیەی عەدنان حەسەنپووری تێدایە برەوێننەوە. شایانی باسە کە کەمپینی ئازادی عەدنان حەسەنپوور لە لایەن کۆمەڵێکی زۆر لە نووسەران و رووناکبیران و ئازادیخوازانی کوردستانەوە وەڕێ خراوە کە وێڕای پشتیوانی بێ درێخ و بێ‌سنووری خۆمان، داواتان لێدەکەین بە پشگیری خۆتان یارمەتیدەرمان بن لە پڕۆسەی لەقاودانی سەرکوتکەرانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری دژی ئازادی‌دا.

Www.kurdishpen.org

Adresse:
postboks 1128
Sentrum
0104 Oslo

Organisasjons nr:
988 216 879

Leder:
Ali Azad Rostami

Tel:
(+47)66919132

Mobil:
(+47)92496919

E-post:
Knk_rojhelat@yahoo.com

کانوونی نووسەرانی کوردستانی ئێران

5.2.2007ی زایینی